ئەمینداری گشتی یەکگرتوو لەگەڵ سەرکی ڕەوتی حیکمەت کەبەو

ئەوارەی ئەمڕۆ دوو شەممە بەرواری 4/12/2023 سەلاحەددین محەمەد بەهائەددین ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بە بەیاوەری شاندێکی باڵا لە بەغدا سەردانی عەمار حەکیم سەرکی ڕەوتی حیکمەی کرد.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوێکی نوسینگەی سەرکی یەکگرتوو لە دیدارەکدا کە نزیکەی کاتژمێرێکی خایەند بارودۆخی هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە قسەی لەبارەوە کرا و هەردوولا هاورا بوون کە هاوڵاتیانی عێراق پێویستیان بە خزمەتی زیاترە و هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستانیش دەبێت کۆشکانیان چارەسەربکرێت بە تایبەتی کێشەی موچە خەرانی هەرێم.

ئەمینداری گشتی یەکگرتوو لە دیدارەکەدا جەختی لەوەکردەوە کە پێویستە لایەنە سیاسیە عێراقیەکان هاوکاربن بە کەتایی هێنان بە ئازارەکانی خەڵکی هەرێم و بەتایبەت موچەی فەرمانبەران و موچەخەران و ئەنجامدانی چاکسازی پیویست لەم بارەوە، لەبەرانبەردا سەرکی ڕەوتی حیکمەت پشتگیری خۆی پیشاندا بە خەڵکی هەرێم و ڕایگەیاند پێویستە حکومەتی هەرێم هاوکاربێت و شەفافیەتی پێویست لە داهات بخاتە

روو.